Kurdistan Nêt
Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.01 19:58:09 +01'00'

# درگا پێگرتن و گوشار خستنە سەر بنەماڵەی پێشمەرگەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە لایان ئیدارەی ئیتلاعاتەوە

پاش ئەوەی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان RUK، لە بەهارەوە تا کۆتایی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ، لە جەولەکانیان لە قووڵایی خاکی وڵاتدا، بەبێ هیچ چەشنە زیانێك سەرکەوتنی گەورەیان وەدەسهێنا؛ هەروەها بە ماوەیەکی کورت پاش بەڕێوەچوونی خولێکی سەرانسەری چالاکیی تەبلیغی لە ناوەندی شارەکانی کوردستاندا، ئیدارەی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی ٤ی سەرماوەز (٢٥ی نوامبر)ەوە، گوشارێکی بێوێنەی خستوەتە سەر بنەماڵەی پێشمەرگەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و بێجگە لەوەی هێندێ جار کتوپڕ و لەنەکاو داویەتی بەسەریاندا و ماڵیانیان پشکنیوە؛ بانگ کراون و ناچار کراون بەو زستانە ڕێگای کوردستانی باشور بگرنەبەر بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانیان بەرنەوە؛ یان هیچ نەبێ لە ریزەکانی RUK هەڵیانکەنن و هەڕەشەیان لێکراوە کە ئەگەر بێتوو بە دەستی خاڵی بگەڕێنەوە، تووشی سزادان دێن.

لە ئاکامی ئەم گوشار و هەڕەشانەدا ژمارەیەکی زۆر لە بنەماڵەی تێکۆشەرانی RUK تووشی زەحمەت و نارەحەتی ڕۆحی و نیگەرانی هاتوون. بەڵام بەو حاڵەشەوە جێی خۆشحاڵییە کە تا دەرچوونی ئەم راگەیەندراوە، تاکە یەك پێشمەرگەش ریزەکانی RUK جێ نەهێشتووە و وێڕای پێشوازییەکی گەرم لە بنەماڵەکانیان، بەرێز و حورمەتەوە، بەڕێکراونەتەوە.

کردەوەی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی پیلانێکی دیکەی ڕێژیمە دژی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و گوشارێکی دژی ئینسانیە لەسەر ژمارەیەك هاووڵاتی ئاسایی کە تەنیا تاوانیان دایك و باب بوونی پێشمەرگەیە، کە داماویی ڕێژیم دەگەیەنێ.

کۆمیتەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان وێڕای مەحکومکردنی ئەو کردەوە چەپەڵە، لەگەڵ هەموو ئەو بنەماڵانەی کە بەو هۆیەوە تووشی گوشار و نارەحەتی و نیگەرانی هاتوون، هاودەردی دەردەبڕی و داوای خۆڕاگری و سەبوورییان لێدەکا.

پایەدار بێ یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

بەرقەرار بێ ئاشتی، ئازادی و یەکسانی

**کۆمیتەی ناوەندیی**

**یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**٨/ بەفرانباری ٢٧٠٣**

**٢٩/ دیسامبری ٢٠٠٣**

www.ruk2691.org
ruk2691@hotmail.com